# لەژێر دروشمی "هێزی چینی کرێکار لە ڕێکخراوبوونیدایە" کۆنگرەی دووەمی فیدراسیۆنی شوراو نەقابە کرێکاریەکانی عیـــراق سەرکەوتووانە کۆتایی هات

## ئامادەکردنی: دەشتی جەمال

ڕۆژی هەینی بەرواری 8-4-2005 لەشاری بەغدا دووەمین کۆنگرەی فدراسیۆنی شوراو نەقابە کرێکاریەکانی عیراق  بە بەشداری 200 نوێنەر ڕێکخرا کە تیایدا رشتە جۆراجۆرەکانی فدراسیۆن لە نوێنەرانی کرێکارانی (زیوتی نەباتی، موادی کیمیاوی ، سناعاتی جلدیە، علاماتی مرور، پترۆکیمیاوی ، غزل ونەسیج، سناعاتی سوفی، بەندەری بەسرە، کەرەسەو کەلو پەلی نەوتی ، پیشەسازی چەرم، نەقاباتی ئەتۆمی هەندەسی، مخازن و الافران، پیشەسازی دەرمان...) بەشۆرو شەوقەوە لەکۆنگرەکەیاندا بەشدارییان کرد.ئەم کۆنگرەیە لەکاتیکدا بەریوە چوو کە ماوەی 2سال بەسەر داگیرکاری عیراق و داسەپاندنی سیناریۆیەکی رەش لەلایەن ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی یەوە بەسەر خەڵکی عیراقدا داسەپینراوە، کۆنگرەی فیدراسیونی شوراو یەکیتییە کریکاریەکان دەنگیکی تر بوو لە نیو ئەو سیناریۆ رەشەی نێو عیراقدا، دەنگی کرێکارانی رادیکال و پێشرەو بوو لە دارشتنەوەی ئایندەی عیراق وکۆتایی هینان بەداگیرکاری و گیرانەوەی ئاسایش و کۆتایی هینان بەتیرۆرو بەرقەرارکردنی ئازادی و دامەزراندنی حکومەتێکی عەلمانی غەیرە قەومی و مەزهەبی کە تیایدا تەواوی مافەکانی خەڵکی عیراق دابین کراو بیت.

باسەکانی نیو کۆنگرە لەسەر دەورو نەخشی کرێکاران بۆ بەدیهینانی ئایندەیەکی ئینسانی بۆ خەڵکی عیراق و باس کردن لەسەر ئازادی مانگرتن و خۆپشاندان وخۆرێکخستنی کرێکاران و کیشەی بیکاری و دارشتنەوەی قانوون کارێکی پێشڕەو کە لەلایەن کرێکاران و نوینەری راستەقینەی کریکاران- فدراسیۆنی شوراو نەقابە کرێکاریەکانی عیراقەوە  پیشتر ئامادە کرابوو گرنگترین تەوەرەو باسەکانی نیو ئەم کۆنگرەیە بوو.

هاوکات لەم کۆنگرەیەدا لەسەر دەورو کاریگەری ژنان لە نیو رێکخراوە کرێکاریەکان خرایە بەر باس و گفتوگۆکردن و هەروەها چونیتی رووبەرووبوونەوە لەگەڵ گەندەڵی ئیداری و سەلامەتی شوینی کارو ریکخستنی کۆرو سمیناری رۆشنبیری سەبارت بە ریکخستنی کریکاران و رۆشن کردنەوەی  ئەو خواست و داواکاریە هاوچەرخ و جیهانیانەی کە پیویستە هەموو کریکاریکی نیو عیراق لێی بەهەرمەند بیت، هەروەها قسەو باسیکی تیرو تەسەل کرا سەبارەت بە مانگرتنەکانی ئەم داواییانەی کرێکاران و دەستکەوتەکانی فدراسیۆن بۆ کرێکاران  لەلایەن نوێنەرانی نەقابە جیاوازەکانەوە.

ریبوار ئەحمەد لیدەر حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق لە ووتار بیژانی نیو ئەم کۆنگرەیە بوو، وەتیایدا پیشتیوانی حزبی بۆ تەواوی داخوازیەکانی کریکاران و فیدراسیونی شوراو یەکتیە کریکاریەکان دووپات کردەوە، هەروەها سەمیر عادل و مۆیەد ئەحمەد لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق و لە دامەزرینەرانی فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانی عیراق قسەو باسیان  سەبارەت بە مەسەلە جواراو جۆرەکانی نیو بزوتنەوەی کریکاری پێش کەش  بەئامادەبوان کرد ، لەگۆشەیەکی تری کۆنگرەکەدا دەشتی جەمال بە نوینەرایەتی تۆری نۆینەرایەتی فدراسۆن لەدەرەوەی وولات پەیامی خۆی بەگۆنگرەکە پیشکەش کردوو باسی لەو پشتیوانیە مەزنە نیونەتەوەییەی کرد کە ئیستا لە جیهاندا هاتۆتە مەیدان .

شایەنی باسە کۆنگرەی فیدراسیونی شوراو یەکتیە کریکاریەکان بە ئامادەبوونی چەندین کەنال و دەزگای راگەیاندنی ناوخۆو جیهانیەکانەوە بەریوەچوو  وە مایەی  پێشوازی گەرمی ئامادەبوان  بوو.

کۆنگرە بە گۆرینی شیعاری فیدراسۆن و بریاردان لەسەر قانوون کاریکی پێشکەوتوخواز کە لەلایەن فدراسیۆنی شوراو یەکیتی کرێکاریەکانەوە ئامادە کرابوو لەگەل چەندین بەڵگەنامەی ترو، هەڵبژاردنی هەیئەتی تەنفیزی تازە  سەر کەوتوانە کارەکانی خۆی کۆتایی هینا.

**لەژمارەی ئایندەی ئۆکتۆبەردا قسەوباسی رێبوار ئەحمەد لەم کۆنگرەیەدا بلاّودەکەینەوە./ ئۆکتۆبەر**